کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:49 30-12-2007

**درێژکردنەوەی ماددەی 140فریودانێکی دیکەی کورد ... هێمن کامیل**

کەرکوك

کارەسات ئەوە نیە هاوڵاتیانی ئاسایی وڵاتێك عاتیفانە بیربکەنەوە. بە ئاسانی بتوانرێت گۆڕان لە بۆچونەکانیاندا دروست بکرێت، یا ن وا ئاڕاستە بکرێن کە کورت بینانە بیر بکەنەوەو. بە بەڵێنی جۆراوجۆر فریوبدرێن. بەڵکو نەنگی وکارەسات ئەوەیە سیاسیەکانی وڵاتێکیش بە هەمان شێوە بیر بکەنەوە و فریوبدرێن. ئەگەر دەستە بژێرێکیش هەبێت هەمان بیرکردنەوەی سیاسیەکان وخەڵکی ئاساییان نەبێت ئەوە چەندین تۆمەتیان ئاڕاستە دەکرێت و سیاسیەکان هەوڵێکی زۆر دەدەن تاوەکو بۆ خۆیان وخەڵکی بسەلمێنن کە بیرکردنەوەی ئەو دەستە بژێرە نامەتیقیە و دوورە لە واقیعەوە، لە بری بە هەند وەرگرتنیان.

هەروەکوئەوەی لە مادەی 140دا بینیمان کە چۆن سیاسیەکان دڵنیایی خۆیان پیشان دەدا لە جێبەجێکردنی مادەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیداو ڕەتکردنەوەی ئەو دەنگانەی مەترسی خۆیان بۆ جێبەجێنەکردنی مادەکە دەخستە ڕوو.

بەڵام کات سەلماندی ئەوەی سیاسیەکان دەیان وت پێچەوانەکەی ڕاست دەرچو واتە سەد دەرسەد بەو شێوەیەی کە ئێمەومانان بانگەشەمان بۆ دەکرد وجیاواز لە گۆشەنیگای کەسە حیزبیەکانەوە ڕاوبۆچونی دیکەمان هەبوو ئەمەوێت بڵێم ڕاسگۆیانە تر لە سیاسیەکان ڕاستیەکانمان خستۆتە ڕوو. چونکە دروست کردنی کەشێکی شاعیرانە بۆ مادەکە نەك لە بەرژەوەندی ئێمە نەبوو بەڵکو ئەو دەرئەنجامەی لێکەوتەوە کە جگە لە کورد هەموو لایەنەکانی تری دڵخۆشکرد.

بۆیە ئەڵێم درێژکردنەوەی ئەمجارەی ماوەی جێبەجێکردنی مادەی 140 لە لایەك فریودانی سەرکردایەتی سیاسی کوردەو لە لایەکی تیشەوە فریودانی هاوڵاتی ئەم وڵاتەیە لە لایەن سیاسیەکانی خۆمانەوە. مەترسی، بۆ نمونە تەنها چەند ڕۆژێك بوو بە سەر پەسەند کردنی دەستوری هەمیشەیدا تێپەڕیبو لە کۆڕێکدا لە شاری کەرکوك کاك فەرید ئەسەسەرد باسی لە دەستورو ئایندەی مادەی 140"ئەگەر هەڵە نەبم ئەوکاتە مادەکە ڕیزبەندی 136 ی"هەبوو، یەکێك بوم لەو کەسانەی بەشداریم کردو دوو دڵی و ڕەشبینی خۆم لە جێبەجێکردنی مادەی 140 خستە ڕوو چونکە ئەو کاتەش وتم ئەگەر بێتو بە هەمان شێوەی مادەی 58 کار بۆ جێبەجێکردنی بکەین ئەوا کاتی دیاریکراویش کۆتایی پی دێت وناتوانرێت ئەم مادەیە جێبەجێبکرێت ئەو کاتەش نەبونی پلان و نەخوێندنەوەی ئەگەرو پێشهاتەکان لە لایەن سەرکردایەتی سیاسیەوە. کردمە بە بەڵگەی قسەکانم. بەڵام ئەو کاتە ئەو بەڕێزە سیاسیە منی بە گەنجێکی ڕەجعی و هەڵچوو داناو. بە تەواوی ڕاوبۆچونەکەمی ڕەتکردەوە. بۆیە دەڵێم خۆزگە پێشبینی و ئەو قسانەی ئەو کاتە لەو کۆڕەداو دواتریش لە نوسینەکانمدا دەربارەی مادەی 140 کردومە ڕاست دەرنەچوبایەو داوای لێبورنم بکردایە.

ئەگەر کەسێك ئەو پرسیارەش بکات و بڵێت چۆن توانرا لە کاتێکی زۆر زوودا توانرا پێشبینی ئەو ئەنجامەی ئێستا بۆ ماددەکە بکرێت؟ ئەوە وەڵامێکی سوك وسانای هەیە ئەویش ئەوەیە کە هەر گیز هەستمان پێنەکردوە لە سیاسەتی کوردیدا شتێك بوونی هەبێت بە ناوی پلان وخوێندنەوەی ئەگەرەکان. چونکە سیاسی بونی هەر کەسوحیزب و دەوڵەتێك بە ڕێژەو ژمارەی زۆری ئەو ئەگەرانە دەپێورێت کە لە بەرچاوی دەگرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر بارودۆخ وڕووداوێك. چی گاڵتە جاڕییەکە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا کەسی یەکەمی یەکێك لە دوو حیزبە سەرەکیەکە لە شاری کەرکوك لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دەربارەی هەڵوێستیان لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی مادەی 140 لێیکرابوو، وتوبوی لە سیاسەتدا ئەگەر نیە. ئەمە وەڵامی کەسێك بێت کە نوێنەرایەتی حیزبێکی گەورەبکات لەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شارە ئیتر چۆن مرۆڤ ئەتوانێت گەشبین بێت بە ئایندەی ئەم مادە دەستوریە. مەترسیەکە هەر لەوەدا نیە ئەمە وەلامی سیاسیەکە بەڵکو ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوەی بە لای سەرکردایەتی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە بە گرنگ دانانریت پلانە. چونکە ئەگەر پلان هەبێت ئەوا ئەگەر یش دەبێت. ئەگەر وانیە وساسیەکانمان ئەم قسانەمان بە نامەنتیقی دادەنێن. با لە دوا ڕۆژی تەواوبونی ماوەی دیاریکراوی مادەکەدا پێمان بڵێن ئەمە پلانەکەمان بوو کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا کارمان لە سەر کردوە. زۆر دڵنیام نەك لەم ڕووەو دەستیان خاڵی وبی وەلامن. بەڵکو بۆ شەش مانگی ئایندەش هیچ پلا ن و بەرنامەیەکیان دانەڕشتوە و دریچژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی مادەکەش جگە لە خۆ فریودان هیچی تر نیە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.